# لە مەغریب فیلمی دیکیۆمنتی (بارزانی) خەڵات دەکرێت

**رۆژانی ٦-٢٠١٤/٥/٩ شاندێکی هونەری و رۆژنامەنووسی کوردستان سەردانی وڵاتی مەغریبی کرد بە مەبەستی بەشداری کردن لە خولی شەشەمی فیستیڤاڵی (بصمات الابداع السينمائی)، شاندەکە بە حەوت فیلم بەشدار بوو کە لەوانەش فیلمی (بارزانی) کەفیلمێکی دیکیۆمنتییە دەربارەی ژیان و خەباتی سەرکردەی رۆحی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر.**

شاندی کوردی لە ئاهەنگی دەستپێکردنی فیستیڤاڵەکە سوپاسی پێشوازیی گەرمی برایانی مەغریبی کرد و هیوای خواست ئەمە ببێتە سەرەتایەك بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستایەتی نێوان کوردستان و مەغریب لە بواری هونەری و کەلتووری و فەرهەنگی، ئەمەش بە بەردەوام بوونی ئەم جۆرە سەردانانە و ئاڵوگۆڕی بەردەوامی هەردوو لا دەبێت.

هەر بەم بۆنەیەوە تیشك خرایە سەر چۆنیەتی بەخشین و وەرگرتنی نازناوی پایتەختی گەشتیاری بە شاری هەولێر ئەوەشی خستەڕوو لە ماوەی چەند ساڵێکی کورتدا بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك توانیمان شاری هەولێر لە شارێکی ئاساییەوە بگەیەنینە ئاستی پایتەختە پێشکەوتووەکانی جیهانە لە هەموو روویەکەوە، بۆیە ئێستا دەبینین بە بەردەوام بە هەزاران کەس روو لەم شارە مێژووییە دەکەن، چونکە سەرەڕای ئەوەی کۆنترین شاری ئاوەدانی جیهانە کە بۆ هەشت هەزار ساڵی پێش ئێستا دەگەڕێتەوە لە هەمان کاتدا دەبینین لەرووی ئاوەدانی و بونیادنان لە ریزی پێشەوەی پایتەختەکانی ناوچەکە و جیهان و بە یەکێك لە ئارامترین شارەکان دادەنرێت، ئەم پێشکەوتنە و ئەمن و ئاسایشەی لە هەولێر بەرقەرارە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ئەم شارە بە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی دابنرێت، ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ کوردستان و بۆ شاری هەولێر و ئەنجامی کار و ماندووبوونی



بەڕێزان نەوزاد هادی پارێــزگار و تاهیر عەبدوڵڵای جێگری پارێزگاری هەولێر و تەواوی ستافی پارێزگا و لە پێش هەمووشـــیانەوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بەردەوام لە هەوڵی پێشخستنی ئەم شـــارەیە بۆ گەیشتن بە ئاســـتی پایتەختەکانی دیکـــە، بۆیە دەبینین ئاوەدانیـــی هەولێر بە چیرۆکی سەرکەوتنی حوکمڕانی دادەنرێت و نموونەیەکی روون و ئاشکرای حوکمڕانی کوردستانییە و لە هەمان کاتدا بووەتە مایەی سەرســـوڕمان و دەستخۆشـــی هەموو لایەك.

گرووپی ملاحزون میدیا کـــە گرووپێکی میدیایی سەربەخۆیە بەبۆنەی ســـەردانی شاندی هونەرمەندان و رۆژنامەنووسانی کوردستان رۆژی ٢٠١٤/٥/١٢ لە هۆڵی (الفن الســـابع) لە ریباتی پایتەختی شانشینی مەغریب بە ئامادەبوونی حازم یوسفی باڵیۆزی عێراق لە مەغریب ئێوارەیەکی سینەمایی کوردی ڕێکخست و تێیدا حەوت فیلمـــی کوردی نمایش کران لەوانەش (بارزانی) فیلمێکی دیکیۆمنتـــی دەربارەی ژیان و خەباتی ســـەرکردەی رۆحی نەتەوەی کورد بارزانییە نەمر و بەم بۆنەیە باڵیۆزی عێراق وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا سوپاسی بەخێرهاتن و پێشوازی شاندەکەی کرد، هـــەر بەم بۆنەیـــەوە خەڵاتـــی تایبەتی خۆی پێشـــکەش بە هەردوو فیلمی (بارزانی) و (فرۆکەی رەش و ســـپی) کرد و گوتی: بارزانی کەسایەتییەکی گەورەیە لە مێـــژووی گەلی کورد، هەروەها خەڵاتی تایبەتی خۆی پێشـــکەش بە فیلمەکانی دیکە کرد و زۆر سوپاســـی ملاحزون میدیای کرد بۆ ڕێکخستنی ئەم ئێوارەیە و بە نیشانەیەکی بەهێزی پەیوەندی نێوان هەردوولای زانی، شاندی کوردستان خەڵاتی تایبەت و ڕێبەری گەشـــتیاری هەولێری پێشـــکەش بە حازم یوســـفی باڵیۆزی عێراق کرد و سوپاســـی هاوکاری بەردەوامی بەڕێزیان کرد لە شاندەکە، هەروەها خەڵاتی تایبەتـــی شـــاندەکە و ڕێبەری گەشـــتیاری هەولێر پایتەختی گەشـــتیاری عەرەبی ٢٠١٤ پێشکەش بە گرووپی ملا حزون میدیا کرد، لەلایەن خۆیەوە گرووپی ملاحزون میدیا خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەش بە شاندی کوردستان کرد و لە وتەیەکدا بلغازی عەلی بەڕێوەبەری جێبەجێکردن لە گرووپی (ملا حزون میدیا) پیرۆزبایی خۆی پێشکەش کرد بە بۆنەی هەڵبژاردنی هەولێر وەك پایتەختی گەشـــتیاری و هیوای خواست کوردستان و مەغریب لـــەم رووەوە هاوکاری و هەماهەنگییەکی زۆری یەکتری بکەیـــن، چونکە هەردوو وڵات خاوەن بونیادێکی گەشتیاری بە هێز و پتەون.

# (من سامیم) لە فیستیڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتی هەولێر بەشدارە

لە میانی بوونی شـــاری هەولێر بە پایتەختی گەشـــتیاری بۆ ســـاڵی وابریارە لە ٥/٣٠ - تاکو ٢٠١٤/٦/٣ ٢٠١٤، فیستیڤاڵی ســـینەمای نێودەوڵەتی هەولێر بە بەشداری چەندین فیلم و ئەکتەرو هونەرمەندانی ناوخۆو بیانی ساز بکرێت.

فیلمی «من ســـامی-م» یەکێکە لەو فیلمانەی کە داوەتی فێســـتیڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتی هەولێر کراوە کە لە هەولێر ســـاز بکرێت. بەمەش دەبێتە یەکەم نیشـــاندانی ئەم فیلمە لە جیهاندا، و بە زمانی سینەمایی بە (وورڵد پرێمیەر) دەناســـێنرێت، هەروەها دەرهێنەر(کەی بەهار) وەك نووســـەرو دەرهێنەری فیلمەکە بانگهێشتی فیستیڤاڵەکە کراوە.


لە ئێستادا فیلمی «من سامی-م» بۆ چەندین فێستیڤاڵی جیهانی فیلم نێردراوە کە زۆربەیان لە ژێر چادری خەڵاتی ئۆســـکاری ئەمەریکی و بافتای بەریتانین، واتە هەڵبژاردن لەم فێستیڤاڵانە دەبێت هۆی بەشداری لە پێشبرکێ کردن بۆ ئەم خەڵاتانە. لەو فێستیڤاڵانە: هۆلیود فیلم فێستیڤاڵ، ئینکاونتەر فیلم فێستیڤال، هارتلاند فیلم فێستیڤاڵ، سیاتڵ شۆرت فیلم فێستیڤاڵ، بی ئێف ئای لەندەن فیلم فێستیڤاڵ و هتد....

جێی وەبیرهێنانەوەیە، لە ساڵی ٢٠١٣، فوتپرینت فیلمس و جۆکە فیلمس، دوو کۆمپانیای بەریتانی هەوڵەکانیان یەکخســـت بۆ بەرهەمهێنان فیچەر فیلمێکی ســـینەمایی بە ناونیشان «پێڵاو چاوبەست». فیلمکاری کورد، کەی بەهار، دانیشتووی بەریتانیا «پێڵاو چاوبەست»ـــی نووسیوەتەوە وەك سکریپتێکی رەسەن و فیلمەکەش هەر لە دەرهێنانی خۆیەتی.

مەبەست لە ئەم فیلمە ئەوەیە کە ببێتە یەکەم بەرهەمی هاوبەش نێوان کوردستان و بەریتانیا، یەکەم فیلمی کوردی بە زمانی ئینگلیزی، هەروەها بە لایەن کەمەوە دوو ئەکتەری ناوداری هۆلیود بەشـــداری تێدا بکەن، و یەکـــەم فیلمە کە دەیەوێت بگاتە ســـینەماکانی بازاری جیهان. بوجەی ئـــەم فیلمە لە نێوان ٨-١٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکیە.

لە «من سامی-م» ١٥ فیلمکاری بەریتانی و زیاتر لە ٣٥ فیلمکاری کورد لە پشت کامیرا کاریان کرد، کە لە ٨ شار و شارۆچکەی کوردستانەوە هاتبوون، و ئەکتەران پێکهاتبوون لە نیك کۆرت، ئەکتەری بەریتانی ناودار، لە رۆڵی سەرەکی شان بە شان باوەر لەندەن، منداڵە کوردی تەمەن ٩ ساڵ لە رۆڵی سامی، و هەروەها کوردانی باکور، باشور، رۆژئاوا و رۆژهەڵات لە بەردەم کامیرا وەك ئەکتەر رۆڵیان بینی.

چیرۆکی «من ســـامی-م» باس لە هاوڕێیەتی دەکات لە نێوان دوو مرۆڤ ســـەر بە دوو کەڵتور و نەریتی جیاواز. چیرۆك لە ســـەردەمی جەنگدایە، نازانرێت لە کام وڵاتە یان کام شار، گرنگ لە ناوچەی رۆژهەڵاتە و هێزی ئەمەریکی لەو ناوچەیە هەیە. مەبەســـتی ئەم فیلمە لێکۆڵینەوە و شـــیتەڵکردنی زانســـتیە سەبارەت بە هاوڕێیەتی، و ئایا لە نێوان دوو کلتوری جیاواز وەك ئەمەریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، دوو مرۆڤە ســـەر بەم دوو کلتورە جیاوازە دەتوانن ببن بە هاوڕێ؟ یاخود ئێمەی مرۆڤ پەیوەســـتین بە هێزی دەرەوەی ئارەزووی خۆمان، بواری ئابوری، ئاییني، سیاســـی و کۆمەڵایەتی، کە رەنگە رێگر بن لەوەی هاوڕێیەتی بێتە ئەنجام و سەرکەوتووبێت لە نێوان کلتورە جیاوازەکاندا.



# ئەمروتا خان خولی کریکێتی ئافرەتان دەکاتەوە

ئەمروتا خـــان ڤیلکەر هەنگاوێکـــی دیکەی لە بواری بەرگـــری کردن لە مافەکانی ئافرەت و هێنانی زیاتری بۆ ناو بوار و کایەکانی ژیاندا هاوێشـــت و وشـــەی (قەدەغە)ی لەســـەر ئافرەت هەڵگرت بـــۆ ئەنجامدانی یاریی کریکێت لە هیند. ئەویش بە کردنەوەی یەکەم خولی ئەســـتێرەکان کە تێیدا جوانترین کچەکانی هیندستان بەشداری دەکەن لەگەڵ ئەستێرە ناودارەکانی هیندســـتان و زۆربەی هەرێمەکانی ئەو وڵاتە بەسەر دەکەنەوە بۆ ئەوەی زۆرترین هاووڵاتیان لە هەوادارانی ئەستێرەکانی سینەما و یارییەکە لێیان بێبەش نەبن و وەك پیاوەکان ئەمانیش ئارەزووی خۆیان بێننە دی و تەنیا وەك جەماوەر سەیری نەکەن، بەڵکو ئەوانیش یارییەکە بکەن. سازدانی ئەم خولە تەنیا دەستپێشـــخەرییە کارێکی مرۆڤایەتی نییە بۆ کۆتایی هێنان بـــە قەدەغە کردنی ئەم یارییە بـــۆ ئەنجامدانی یاریەکە، بەڵکو کارێکی هاوبەشـــی نێوان ئەستێرەکانی سینەما و ئەســـتێرەکانی سەمای میللییە و بۆ یەکەم جارە بەشـــێوەیەکی راســـتەوخۆ لە کەناڵەکان دەگوازرێتەوە و جوانترین ئەستێرەکانی بۆڵیۆد تێیدا بەشدارن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خولەکە داهاتێکی باشـــی هەبێت بەهۆی بەشداری کردنی ئەم ئەستێرانە وەك یاریزان نەك بینەر.

بڕیار وایە ئەم خولە لە کۆتایی ئەم مانگە ئەنجام بدرێت و لە هەر تیپێك یەکێـــك لە کچە جوانەکان بەشـــداری پێدەکـــەن و یاریزانەکانی دیکەش لە تیپەکانی دیکە دەبن.





# ئیرینا چی بۆ کچە رفێندراوەکان کرد



دوای رفاندنی کۆمەڵە کچێکی نەیجیری لەلایەن گرووپێکی توندڕەوەوە لە سەرتاسەری جیهان نارەزایی لێکەوتەوە و بە زۆر شێوە هونەرمەندان و چالاکوانانی مافی مـــرۆڤ نارەزاییـــان دەربڕی، بەڵام ئەوەی زۆر ســـەیر بوو و مشتومڕێکی زۆری دروستکرد شێوازی نارەزایی دەربڕینی کچە نمایشکاری جلوبەرگی رووسی ئیرینا شایکی هاوڕێی کریستیانۆ رۆناڵدۆ بوو.

ئیرینا بە خۆ رووت کردنەوە بەشداری لە هەڵمەتێکدا کرد بۆ رزگار کردنی ئەو کچانە و دوای ئەوەی ئەکاونتی تایبەت بە وێنەی ئەو هونەرمەند و ناودارانەی کە پشتگیری ئازاد کردنیـــان دەکرد، ئیرینا وێنەیەکی رووتی خۆی بڵاوکردەوە بە کاغەزێك لەسەر سینگی خۆی نووسیبوو (کچەکانمان بگەڕێننەوە)، ئەم هەنگاوەش لەجیاتی دەستخۆشی لێکردن بووە مایەی شـــەرمەزاری کردن و نارەزاییەکی زۆر و بە هەوڵێکیان زانی بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵك و بە سووکایەتی کردن بە کەســـوکاری کچە رفێنـــدراوەکان لە قەڵەمیاندا، هەندێکیـــان داوایان لە ئیریکا کرد لـــە جیاتی ئەو وێنانە باشـــتر بوو بڕێك پارە بداتە رێکخراوەکان کە هەوڵی ئازاد کردنی کچەکانیان دەدا.

# مۆبایل لە کاترینا قەدەغە دەکرێت

رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بە گشـــتی و وڵاتانـــی کەنداو و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیش بەتایبەتی بوونەتە بازاڕێکی گەرمی فیلمە هیندییەکان و زۆر جار یەکەم نمایشی فیلمەکان بەر لە هەر شوێنێك تەنانەت بەر لە هیندستانیش لەوێ نمایش دەکرێن بە ئامادەبوونی پاڵەوانی فیلمەکان، ئەمەش بە هۆی نیشتەجێ بوونی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی هیندی لەو وڵاتە و بازاڕی گەرمی فیلمە هیندییەکان لەو وڵاتە.

دوایین فیلمی هیندی کە لە چەند شارێکی ئیمارات وێنەی گیرابێت فیلمی (بانج بانج)ە لە پاڵەوانیەتی هیرسیك رۆشان و کاترینا کایفە و بۆ ئەم مەبەستە هەردوو پاڵەوانی فیلمەکە ئامادە بوون.

بـــەڵام بە هۆی بوونی جەماوەرێکـــی زۆری ئەو دوو ئەستێرەیە سیدهارت ئەناندی دەرهێنەری فیلمەکە رێوشـــوێنی ئەمنی توندی گرتە بەر بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاســـانی وێنەکان بگـــرن، هەروەها دەرهێنەر بەکارهێنانی مۆبایلی لەسەر ستافی فیلمەکە بە تەواوی قەدەغە کرد لە کاتی وێنەگرتن و بەر لە چوونە شـــوێنی وێنەگرتـــن مۆبایلەکانـــی لێ وەردەگرتن، ئەم هەنگاوەش بووە مایـــەی نارەزایی کاترینـــا و چەندین جـــار داوای مۆبایلەکەی کردەوە، بەڵام دەرهێنـــەر داواکەی رەت کردەوە.



# بە مەم و زین شانۆ دەچێتە باوەشی خەڵکەوە

**لە زۆربەی وڵاتان، شانۆی سەر شەقام بە بەشێکی سەرەکیی شانۆ دادەنرێت، چونکە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەتوانن بیبینن بەتایبەتی ئەگەر لە شوێنێکی گشتی بێت، لە درێژەی چالاکییەکانی هەولێر پایتەختی گەشتیاری عەرەبی رۆژانی ١٢-٢٠١٤/٥/١٤ شانۆگەریی (مەم و زین) لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هیوا سوعاد لە پارکی شانەدەر نمایش کرا، سەبارەت بەم شانۆگەرییە و گرنگی ئەم جۆرە شانۆگەریانە چەند هونەرمەندێکمان هێنایە دوان.**

مامۆستا هیوا سوعاد دەرهێنەر و ئامادەکاری شانۆگەرییەکە بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن: من دەمێکە خەریکی ئەو کارەم، ئۆپێرای ئەڵمانی بە نیاز بوون ئۆپێرایەك بهێننە هەولێر، ئیتر ئەو دەقەم بەرچاو کەوت کە لۆدڤێکتیك نووسیویەتی کە لە سەردەمی ئەحمەدی خانیدا ژیاوە و هاتووەتە ئەو ناوچەیە و سوودی لە خەڵکی تریش وەرگرتووە و بە دیدو بۆچوونی تر ئەو چیرۆکەی داڕشتووە و جۆرێك لە گەشبینی بە کارەکە داوە لەو کاتەوە ئەو بیرۆکەیە لە هزری مندا هەبووە، بەڵام کە هەولێر بوو بە پایتەختی گەشتیاری پێم باش بوو کە لە کەشوهەوایەکی فراوان و کراوەدا ئەو گەشتیارانەی دێنە هەولێر شارەزای کەلتووری ئێمە بن.

هیوا سوعاد هەروەها وتی: ویستم چەند شتێك پیشانی بیانی و بینەری خۆمانیش بدەم کە کەشوهەوا و مۆسیقا و شایی کوردی و جلوبەرگی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان چۆنە، واتە کەلتوور و فەرهەنگ و هونەری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەم کارەدا دەبینرێن، دەمەوێ بە خەڵك بڵێم شانۆی ئێمە گەیشتۆتە ئەم ئاستە واتە بیانییەکان شارەزای کەلتووری ئێمە و ئاستی شانۆی ئێمەش دەبن، زۆربەی رووداوەکانی مەم و زین لە دەوروبەری شارەکانی ئەدەنە و جەزیرەی بۆتان و غازی عەنتاب و ئامەد و لە نزیك ئاو و قەراغ رووبارەکان روو دەدەن و راوچی و ماسی و خۆهاوێشتنە ئاوی تێدایە، بۆیە ئێرەمان هەڵبژارد، چونکە کەشوهەواکە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە واقیعەوە نزیکتر بێت و خەڵك باشتر بچێتە نێو رووداوەکانەوە.









هەروەهـــا خانمە هونەرمەنـــدی بە ئەزموون تـــەلار هیرانی دەربارەی ئەم کارە دەڵێ: ئەم کارە بۆ من ئەزموونێکی تازەیە لەبەر ئەوەی ماوەیەکـــی زۆرە کارەکانی من زیاتر خۆیان لە مۆنـــۆدا دەبینێتەوە، دیارە مۆنۆش هێزێـــك و ماندووبوون و خۆهیلاك کردنێکی زۆری دەوێ بـــۆ ئەوەی ئەکتەر بتوانێ نوانـــدن بکات، بۆ من ئەم کارە گرنـــگ بوو، چونکە حەزم کرد جارێکی دیکە لەگـــەڵ ئەکتەرانی دیکە کۆببمەوە و لە کارێکی بە کۆمەڵدا بەشدار بم، هەروەها زۆر گرنگ بوو کە شـــانۆکە ئەم جارە لە ناو بینەرە نەك ئەوەی لە هۆڵێك بێت و جەماوەرت هێنابێ، بەڵکو لە شوێنێکی گشتییە و هاتووینەتە نێو خەڵك ئەمەش بۆ من زۆر گرنگە و بە لای منەوە پێویست بوو شانۆ خۆی بگەیەنێتە نێو خەڵك لە شوێنێکی گشتی کە خەڵکێکـــی زۆر رووی تێدەکات، رۆڵی خۆم زۆر خۆش دەوێ هەر کارێك من هەڵمبژارد و قەناعەتم پێی هەبێت هەوڵ دەدەم بە عەشقەوە بیکەم، چونکە ئەگەر بە عەشقەوە نەیکەم دڵنیام سەرکەوتوو نابێ.

هونەرمەندی بە ئەزموون عەلی ئەحمەد دەڵێ: دیارە هەموو میللەتێك شـــانۆی زستانە و هاوینەی هەیە، تەنها کورد ئەو جۆرە شـــانۆیەی نەبووە، ئەوا ئێمەش بووینە خاوەنی ئەم جۆرە شانۆیە، بێگومان ئەم کارەش واتە هێنانە دەرەوەی شانۆ لە هۆڵەوە بۆ شوێنی گشتی کارێکە جورئەتی دەوێ و هەنگاوێکی زۆر گەورە و بوێرانەیە لەلایەن دەرهێنەر و ئەکتەرانیشـــەوە، بەڵام هەســـت دەکەم سەرکەوتنێکی باشمان بە دەســـتهێناوە و هیوادارم ئەم جۆرە کارانە لەمەودوا بەردەوام بن وئەم کارە ســـەرەتایەکی باش بێت و کەســـانی دیکە لە دوای ئێمە هەنگاوی لەم جۆرە بهاوێن، چونکە پێویستە ئێمەش بتوانین لە رێگای شـــانۆوە کەلتوور و فەرهەنگی خۆمان نیشـــانی خەڵکانی بیانی و جیهانی بدەین و بە گشتی من بە هەنگاوێکـــی گەورەی دەزانم و هیوادارم حکومەت دەســـتی هاوکاری بۆ هونەرمەندان درێژ بکات بۆ بەردەوام بوونی ئەم کارانە.

هونەرمەند غازی شینە ئەویش بەم شێوەیە باسی بابەتەکە دەکات: زۆر دڵخۆشم بەوەی جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئەم نمایشـــە بوون کە بۆ یەکەم جارە لە دەرەوە ئەنجام دەدرێت ئەمەش جورئەتێکی زۆری دەوێ لەلایەن دەرهێنەرەوە، ئەوەی زیاتر دڵخۆشـــی کردم کە بەشـــێکی زۆری ئامادەبووان خەڵکی بیانین کە ئێستا بۆ گەشتیاری هاتوونەتە کوردستان ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی هونەر و کەلتووری ئێمە ببینن، ئێمە (مەم و زین)مان بە ریتمێکی نوێ پێشـــکەش کرد جیاوازتر لەوانەی پێشتر پێشکەش کراون.

هونەرمەنـــدی کۆمیدی ئەیام ئەکرەم وتی: ئەمە یەکەم جارە دەرهێنەر بتوانێت ژمارەیەکی زۆری ئەکتەران بهێنێتە سەر شانۆ لە شوێنێکی ئاڵۆز کە بۆ یەکەم جارە شانۆگەری تێدا ئەنجام بدرێت بەم شـــێوەیە، چونکە ئێمە هەمیشە لە هۆڵەکان شـــانۆگەریمان پێشکەش کردووە واتە لە شوێنی داخراو، جەماوەرێکی زۆر ئامادەی نمایشـــەکە بوون ئەمەش سەرەتایەکی باش و دڵخۆشکەرە بۆ هەموو لایەکمان و هیوادارین بەردەوام بێت بەشـــێوەیەکی بەرفراوانتر بۆ ئەوەی زۆرترین جەماوەر ئامادەی بینینی نمایشەکان بن.

ئاشـــنا رەئوف : بەڕای من ئەنجامدانی شانۆی سەر شەقام هەنگاوێکی زۆر باشـــە، چونکە رەنگە لە دەرەوەی ئەو کەســـانەی دێنـــە هۆڵەکان بۆ بینینی شـــانۆگەری، کەسانی دیکە هەبن کە تا ئێستا بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخسابێت، بۆیە پێویستە هونەر و شانۆ خۆی بە هەموو خەڵك بناسێنێت.

ســـەبارەت بەوەی کـــە ئایا ســـەرکەوتووە و دەبێتە هۆکارێـــك بۆ گێڕانەوەی جەماوەر بۆ شانۆ، ئاشـــنا دەڵێ: بەڵێ بە ڕای من وایە هۆکارێکی زۆر باشـــە بۆ گەڕانەوەی بینەر بۆ شانۆ هەروەك چەند ســـاڵێکە ئەم هەوڵە لە فیستیڤاڵی سەر شـــەقام لە دەربەندیخان هەبووە.



هونەرمەند کاروان شەمســـەدینیش سەبارەت بەم پرسە دەڵێ: بەڕای من نواندن چ لەسەر شـــەقام بێت یان لە هۆڵی داخراو کاریگەریی خۆی هەیە، چونکە گرنگ ئەوەیە تۆ بتوانی پەیامی خـــۆت بگەیەنیت، لەم چەند رۆژەی (مـــەم و زین) مان پێشـــکەش کرد هەســـت دەکەم ســـەرکەوتنێکی گەورەمان تۆمار کرد، بە دڵنیاییەوە کار و نمایشـــی باش خۆی فەرز دەکات بۆ راکێشانی جەماوەر.